# طبيعة عيد رأس السنة في وادي الرافدين

هاژه نوزاد فقى ابراهيم[١]
د. محمدأمين على عبدالله[٢]

١. hazha.131123035@uor.edu.krd
٢. Mihamadamin72@gmail.com

١- قسم التاريخ والعلوم الإنسانية، راپەرین، رانيه ، إقليم كردستان، العراق.
٢- قسم التاريخ والعلوم الإنسانية، راپەرین، رانيه ، إقليم كردستان، العراق.

**الكلمات المفتاحية:** طبيعة العيد،رأس السنة، وادي الرافدين، أكيتو.

**كيفية اقتباس البحث**

ابراهيم , هاژه نوزاد فقى , محمدأمين على عبدالله , طبيعة عيد رأس السنة في وادي الرافدين ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في **ROAD**

Indexed مفهرسة في **IASJ**

# The Nature of the New Year Festival in Mesopotamia

**Hazha Nawzad F.Ibrahim1**
**Dr.Mihamadamin Ali Abdulla2**

**١ Department of History, College of Human Sciences, University of Raparin, Kurdistan Region, Iraq.**
**2Department of History, College of Human Sciences, University of Raparin, Kurdistan Region, Iraq.**

1. hazha.131123035@uor.edu.krd
2. Mihamadamin72@gmail.com

**Keywords** : Nature of the festival, New Year, Mesopotamia, Akitu.

**How To Cite This Article**
Ibrahim ,Hazha Nawzad F,.Mihamadamin Ali Abdulla , The Nature of New Year's Eve in the Two Rivers Valley ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

CC BY NC ND

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**
This research, titled **"The Nature of the New Year Festival in Mesopotamia,"** is a scientific historical study that sheds light on the nature of the New Year festival in Mesopotamia as a socio-natural phenomenon. This festival was inherently linked to the organization of time, political authority, and religious decrees. The primary objective of the study is to elucidate the emergence, evolution, and continuity of the festival's rituals across various historical eras. It asserts that the persistence of this festival over millennia testifies to its cultural and religious significance in Mesopotamia and its role in shaping the region's social and religious identity.The study aims to demonstrate the nature of the New Year, particularly the **Akitu** festival, and its role as a mechanism

for renewing royal authority, fostering social cohesion, and revitalizing the cosmic order from religious and symbolic perspectives. Based on an examination of the sources, the study concludes that the New Year festival was the product of natural and religious occurrences, as well as an intellectual and political system. It was observed continuously throughout all historical epochs, with the entire society participating without distinction, under the leadership of the king.The research employs a **historical-analytical methodology** and is structured into three main sections:The introduction and emergence of Akitu.The New Year festival throughout historical eras.The specific days and rituals of the festival.

**الملخص:**

تسلط هذه الدراسة الموسومة بـ (طبيعة عيد رأس السنة في وادي الرافدين) الضوء على طبيعة عيد رأس السنة في وادي الرافدين ككونه ظاهرة اجتماعية وطبيعية كانت مرتبطة بتنظيم الزمن والسلطة السياسية والقرارات الدينية، يتمثل الهدف الرئيسي للدراسة في توضيح نشأة وتغير واستمرارية طقوس وتقاليد هذا العيد في العصور المختلفة، مع التأكيد على أن استمراريته على مدى آلاف السنين تُعد دليلاً على أهميته الثقافية والدينية في وادي الرافدين وتأثيره في تشكيل الهوية الاجتماعية والدينية للمنطقة، تهدف الدراسة إلى إظهار طبيعة رأس السنة وخاصة عيد (أكيتو) ودوره كأداة لتجديد سلطة الملك وتعزيز وحدة المجتمع وتجديد تنظيم العالم من الناحيتين الدينية والرمزية. من خلال التأمل في المصادر نصل إلى نتيجة مفادها أن عيد رأس السنة كان نتاج حدث طبيعي وديني ونظام فكري وسياسي، وقد أُقيم باستمرار في جميع العصور التاريخية، وشاركت فيه جميع فئات المجتمع باختلافاتها تحت قيادة الملك. اعتمدت الدراسة على المنهج التاريخي-التحليلي، وتكونت من ثلاث نقاط رئيسية: الأولى: التعريف بعيد (أكيتو) ونشأته، الثانية: عيد رأس السنة في العصور التاريخية المختلفة، الثالثة: أيام العيد. بالإضافة إلى الملخص والمقدمة والبداية والخاتمة وقائمة المصادر، يتألف البحث من ثلاث نقاط رئيسية. تتناول النقطة الأولى تعريف أكيتو، باعتبارها مرادفًا لليلة رأس السنة. كما تُذكر فيها أوقات وأنواع الاحتفال بهذا العيد، وتطوره من عيد ديني إلى عيد سياسي وطني.

**سروشتی جەژنی سەری  ساڵ لە دۆڵی دوو ڕووباردا**

**توێژەر/ هاژە نوزاد فقى ابراهيم[١]** **سەرپەرشتیار/ د. محمدأمین علی عبدالله[٢]**

**قوتابی ماستەر/ ٠٧٥٠٨٢١٧٣٥١** **پرۆفیسۆری یاریدەدەر/ ٠٧٥٠١٠٤٢٦٥٥**

٣. hazha.131123035@uor.edu.krd

٤. Mihamadamin72@gmail.com

[١] بەشی مێژوو، زانستە مرۆڤایەتیەکان، ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[٢] بەشی مێژوو، زانستە مرۆڤایەتیەکان، ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ئەو توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سروشتی جەژنی سەری ساڵ لەدۆڵی دوو ڕوبار) توێژینەوەیەکی مێژوویی زانستیەو تیشک دەخاتە سەر سروشتی جەژنی سەری ساڵ لە دۆڵی دوو ڕوبار وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سروشتی کە پەیوەندی هەبووە بە ڕێکخستنی کات و دەسەڵاتی سیاسی و بڕیارە ئاینیەکان، مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکە ڕوونکردنەوەی سەرهەڵدان و گۆڕانکاری و بەردەوامی ڕێ و ڕەسمەکانی جەژنەکەیە لە سەردەمە جیاوازەکاندا، جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە بەردەوامی ئەو جەژنە لە ماوەی هەزاران ساڵدا گەواهییە بۆ گرنگیە کلتوری و ئاینیەکەی لە دۆڵی دوو ڕوبارو کاریگەری لە دروست بوونی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ئاینی ناوچەکە، ئامانج لێ بریتی یە لە نیشاندانی سروشتی سەری ساڵ بە تایبەت ئەکیتۆو ڕۆڵی وەک ئامرازێک بۆ نوێکردنەوەی دەسەڵاتی پاشاو بەهێزکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵگەو نوێکردنەوەی ڕێکخستنی جیهان لە ڕوی ئاینی و سیمبولی، بە تێڕامان لە سەرچاوەکان دەگەینە ئەو ئەنجامەی جەژنی سەری ساڵ دەرەنجامی ڕوداوێکی سروشتی و ئاینی و سیستمێکی فکری و سیاسی بوو، لە هەموو سەردەمە مێژوویەکاندا ئەنجام دراوەو بەردەوامی هەبووە، هەموو کۆمەڵگە بە بێ جیاوازی بەشداری تیادا کردووە بە سەرۆکایەتی پاشا.
توێژینەوەکە بە میتۆدی مێژوویی-شیکاری نوسراوەو پێکهاتووە لە سێ خاڵ، یەکەم: ناساندنی ئەکیتۆ و سەرهەڵدانی، دووەم:جەژنی سەری ساڵ لەسەردەمە مێژوویەکاندا، سێ یەم: ڕۆژەکانی جەژن.

**کلیلە وشەکان:** سروشتی جەژن، سەری ساڵ، دۆڵی دوو ڕوبار، ئەکیتو.

**پێشەکی:**

جەژنی سەری ساڵ بریتی یە لە کۆمەڵێک ڕێ و ڕەسم و چەند بەرنامەیەکی دیاریکراوی کاتی لە دەستپێکی ساڵدا بەپێ ی ڕۆژژمێرێکی ڕەسمی یان ژینگەیی بەڕێوە دەچوو، ئەو بۆنەیە لەبنەڕەتدا پەیوست بوو بەڕێکخستنی کات، گۆڕانی وەرزەکان، دەستپێکی ساڵی کشتوکاڵی و وەک ئامرازێک بۆ ڕێکخستنەوەی ژیانی شارستانی و ئابوری و سیاسی و ئاینی بوو، لە مێژووی کۆندا جەژنی سەری ساڵ تەنیا جەژنێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو سیستمێکی ڕێکخراوی کات بوو، کە تێیدا ڕۆژ و شوێن و ڕۆڵی لایەنە جیاوازەکانی وەک پادشا و پەرستگاو کاهینان دیاری دەکران، لە زۆربەی ناوچەکاندا ئەو جەژنە لە کاتێکدا ئەنجام دەدرا کە گۆڕانێکی سروشتی ڕووی دەدا، وەک هاتنی بەهار و بارینی باران و هەڵکشانی ڕوبار، یان دەسپێکی مانگێکی ڕەسمی کە جەژنەکەی بەژینگە و ئابووری ناوچەکە دەبەستەوە.

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:** ئامانج لە توێژینەوەکە ناساندنی جەژنی سەری ساڵە لەدۆڵی دوو ڕوبار و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی سروشتی جەژنەکە لەسەردەمە مێژوویە جیاوازەکاندا، باسکردن لەجەژنی سەری ساڵی دۆڵی دوو ڕوبار تەنیا باسکردنی جەژنێکی کۆن نیە، بەڵکو دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لەئاین و سیاسەت و کلتور و بیرۆکەی نوێ بوونەوە لەیەکێک لەکۆنترین شارستانیەتەکانی جیهان، ئەو جەژنە سەرچاوەی زۆرێک لەجەژنەکانی دواتریش بووە و تاکو ئێستاش یاد دەکرێتەوە لەلایەن کلدانی و ئاشوری و سریانیەکانی عێراق و دەوروبەری.

**میتۆدی توێژینەوەکە :** توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی مێژووییە و باس لەسروشتی ئەنجامدانی بۆنەیەک دەکات، بۆیە زیاتر میتۆدی مێژوویی بەکارهاتووە بۆ گواستنەوەی زانیاریەکان، هەندێ جاریش سود لەمیتۆدی شیکاری وەرگیراوە.

**کێشە و بەربەستەکانی توێژینەوە:** نوسینی توێژینەوەیەک لەبارەی سروشتی جەژنی سەری ساڵ لەدۆڵی دوو ڕوبار کەچەند سەردەمێکی جیاوازی مێژوویی گرتۆتە خۆی و جیاوازی لەکات و شوێنی بەڕێوەچوونی ئاهەنگەکەدا هەبووە یەکێکە لەئاستەنگەکان، هەروەها ئەوەی لەسەردەمی پێش مێژووشدا دەق نوسراو نیە دەربارەی بۆنەکە و ئەو دەقانەش کەلەسەردەمە مێژووییەکاندا هەن توشی شکان و زیان هاتوون، ئەوانەش وای کردووە تەواوی وردەکاریەکانی جەژنەکە نەگاتە دەستی توێژەران و کەم و کورتی لەزانیارییەکاندا هەبێت، جگە لە وە زۆربەی توێژینەوەکان سەرنجیان خستۆتەسەر هەزارەی یەکەمی پ.ز و سەردەمی بابلی و کەمتر شیکاریان بۆ سەردەمەکانی پێشتر کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی بۆشایی زانستی لەتێگەیشتنی تەواو لەسروشتی سەرەتای جەژنەکە لەدۆڵی دوو ڕوبار.

**بەگشتی توێژینەوەکە** جگەلەپوختە و پێشەکی دەسپێک و دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە لە سێ خاڵی سەرەکی، خاڵی یەکەم باس لەناساندنی ئەکیتۆ کراوە، چونکە وەک هاو واتای جەژنی سەری ساڵ بەکاردێ، بەکارهێنانی وشەکە ڕوون کراوەتەوە، لەسەردەمە جیاوازەکاندا لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی جەژن وەک جەژنێکی ئاینی و سروشتی، خاڵی دووەم باس لەجەژنی سەری ساڵ لەسەردەمە مێژووییەکاندا کراوە. ئاماژە دراوە بەکات و جۆری ئەنجامدانی جەژنەکە و پەرەسەندنی لەجەژنێکی ئاینی سروشتییەوە بۆ جەژنێکی نیشتمانی سیاسی، لەخاڵی سێیەمیشدا باس لەو ڕێ و ڕەسمانە کراوە کەئەنجامدراون لەڕۆژانی جەژندا.

**دەستپێك:**


جەژن و بۆنە ئایینییەکان پێگەیەکی گرنگیان هەبوو لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی وڵاتی دوو ڕوباردا، لە ڕۆژانی دیاریکراوی ساڵدا بەڕێوە دەچوون و ڕەگ و ڕیشەیان بۆ چاخەکانی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە[علی ، 1985، 207]کە کشتوکاڵ و ماڵی کردنی ئاژەڵ بۆیەکەمجار بووەتە هۆی دەرکەوتنی پشووە کاتیەکان لەهەندێک وەرزی دیاریکراودا وەک پاییز و بەهار[النعيمي، ٢٠١١، ١٢]، هەموو دانیشتوان بەبێ گوێدانە چین و توێژ و پێگەی کۆمەڵایەتی بەسەرۆکایەتی پاشا ئاهەنگیان دەگێڕا[الأمين، ٢٠١٨، ١٣١]، دانیشتووانی وڵاتی دوو ڕوبار جەژن و بۆنەی جۆراوجۆریان هەبووە و زۆربەشیان سروشتێکی ئایینیانەیان هەبووە[كونتنيو، ١٩٨٦، ٤٧٤] ، لە ناو ئاهەنگە جیاوازەکاندا جەژنی سەری ساڵ لە گرنگترین و پیرۆزترین جەژنەکانی وڵاتی دوو ڕوبار بوو، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٧٠٠٠پ.ز)، پشویەکی گشتی بوو، بەتایبەت چونکە پێیان وابووە مرۆڤ دروستبووە بۆ پەرستنی خواوەندەکان ودروستکردنی پەرستگاو ئەنجامدانی مەراسیم وپێشکەشکردنی قوربانی بۆیان[زايد، ١٩٦٦، ١٤٩]، بۆیە بۆ هەر خوداوەندێک جەژنێکی تایبەتیان هەبوو، لەگەڵ سەری ساڵیشدا بەردەوام زاراوەی ئەکیتو AKITU بەکارهاتووە لە وڵاتی دوو ڕوباردا[Nakata, 1968, 48]، و ئەو زاراوەیەش تایبەت نەبووە بە شانشینێکی دیاریکراوەوەو دانیشتووانی ئەو وڵاتە هەر لە سەردەمی سۆمەرییەوە[1] **Sumerans(٣٠٠٠-٢٣٧٠پ.ز)**بەکاریان هێناوە بەمەرجی بوونی پەیکەری خوداوەندی سەرەکی وڵات[الأمين، ٢٠١٨ ، ١٣١]، هەرچەندە لە نیوەی دووەمی هەزارەی چوارەمی پ.ز ئەکیتۆ وەک جەژنێکی فەرمی و ڕێکخراو بوونی نەبوو، بەڵام بنەمای بیرۆکەی سەری ساڵ لە شێوەی مەراسیمە ئایینیەکاندا هەبوون، کە زیاتر لە ناو سیستمی جەژنی ئەکیتۆدا مانای خۆیان وەردەگرن، لە بەر ئامادەیی وشەکە بە بەردەوامی و هەندێک گوزارش لێکردنی وەک هاومانای سەری ساڵ سەرەتا باسکردنی ئەکیتۆ بەپێویست زانراوە وەک چوارچێوەیەکی گشتی جەژنی سەری ساڵ.

**یەکەم / ناساندنی ئەکیتۆ و سەرهەڵدانی.**

وشەی ئەکیتۆ لە سەرچاوەکاندا بە شێوازی جیاواز ئاماژەی پێکراوە، لای سۆمەرییەکان وشەکانی A-KI-TI، A-KI-TU،A-KI-TE ، A-KI-TUM، UD-A-KI-IT بەکارهاتوون[الراوي، ٢٠٠١، ٧٢]، و لای ئەکەدییەکانیش[2] **Akkadians (٢٣٧١-٢٢٣٠پ.ز)** زیاتر بە شێوەی umu-a-ki-tum واتە ڕۆژی جەژنی ئەکیتۆ هاتووە، بەڵام وشەی تریش لە دەقەکاندا بەرچاو دەکەون، وەک a-ki-ati، bi-akitum، akete، akitu، akitum، [الأسود، ٢٠١١، ٩] لەسەردەمی ئوری سێیەمیشدا[3] **UrIII(٢١١٣-٢٠٠٦پ.ز)** a-Kit-a ئەکیتو بەکار هاتووە[النعيمي، ٢٠١١، ٦١]، وشەی Akitu ی بابلیش بە درێژکراوەی Akiti ی سۆمەری دادەنرێت[عبدالواحد، سليمان، 1985، ١٧٩] ، پێدەچێت وشەکە لە زمانی سۆمەری و ئەکەدییەوە وەرگیرابێت، بە مانای (ڕۆژ و پەرستگا) ئەو کات وشوێنەی ئاهەنگی ساڵی تازەی تێدا دەگێردرێت دێت[لابات، ٢٠٠٤، ٣١٠]، واتە ئەو ماڵەی کە خواوەندەکەی تێدا نیشتەجێ بووە لەسەر زەوی بە شێوەیەکی کاتی، لەوانەیە نوێنەرایەتی شوێنی نیشتەجێ بوونێکی ئەفسانەیی و کۆن بکات[Cohen ,1993, 405]، یان مانگی ئاهەنگ گێڕان لەوانەشە مانگەکە بەناوی ئەو جەژنەوە ناونرابێت[الأسود، ٢٠١١، ١٠]، بەڵام بنەمای وشەکە A = کات، Ki = زەوی، Ti = نزیکبوونەوە[ SallaBerger ,1998, 293 ]، یان بانگەواز کردنە خوارەوە، کەپەیوەندی بەبانگکردنی بارانەوە هەیە[الشمس، ٢٠٠٣، ٣٢].

لە پاڵ ئەکیتۆدا چەند دەربڕینێکی دیکە بەکارهاتوون بۆ جەژنی سەری ساڵ، سۆمەرییەکان زاک موگ Zag-mug یان بەکارهێناوەو لای ئەکەدییەکانیش ڕیش شاتی Resh-shatti[علي، ١٩٩٩، ١٠١] و لای ئوری سێیەم زاموا Za-mua بە واتای ڕۆژی سەری ساڵ هاتووە [النعيمي، ٢٠١١، ٤٨].

بەپێ ی کات و ناوچەکان ڕێ و ڕەسمی جیاواز هەبووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بوونە بەشێک لە جەژنی ئەکیتۆ[ باقرو اخرون، ١٩٨٠، ٣٨]، دەقە مێخییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو ڕێ و ڕەسمانە لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی پ.ز لە شاری ئوری سۆمەری ناسراون، کە قوربانی کردن و نوێژکردن و دیاری بەخشین و ئاهەنگ و کۆنسێرتی مۆسیقا سازکراوە بۆ سین خوداوەندی مانگ بە ئامادەبوونی پاشا[الراوي، ٢٠٢٤، ٥٣] ، لە ناوەراستی هەزارەی سێیەمیش لەشاری نیپوری سۆمەری ئاهەنگ سازکراوە و ئاماژە بە دروست کردنی ئەکیتۆ کراوە کە ڕەنگە مەبەستی ئەو شوێنە بوبێت کە ئاهەنگەکەی تێدا ئەنجام دراوە[ SallaBerger ,1998, 294]، بەڵگەنامە ئابورییەکانیش ئاماژە بەبەردەوامی ئەکیتۆ دەکەن لەسەردەمی سەرجۆنی ئەکەدی **Sargon of akkad(٢٣٧١-٢٣١٦پ.ز)** و ئوری سێیەمیش لە شارەکانی ئور و نیپور و ئەداب و ئوروک تاکو لەسەردەمی بابلی[4] **Babylonians** و ئاشوریدا[5] **Assyrians** بووەتە جەژنێکی سەرتاسەری وڵاتی دوو ڕوبار[بهار، ١٣٩١، 424]، بەڵام کاتی ئاهەنگەکە جیاواز بوو لەو شارانەدا لەئور لەسەرەتای مانگی یەکەم و حەوتەمدا و لەنیپورو ئەدەب لە دەوروبەری مانگی چوارەم ودوازدەو لە ئوروک لانی کەم لە مانگی هەشتەم ئاهەنگەکە ئەنجام دراوە[Cohen ,1993, 401]، ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی دەسپێکی ساڵی نوێ لە بڕوای دانیشتووانی سەردەمی کۆندا، لەدروێنە و داچاندن و کۆکردنەوەی باج و ئاهەنگ و ڕێ و ڕەسمی پەرستگاکان و داب ونەریتی تایبەت بە شارەکان [ Emelianov ,2021, 10]، لەگەڵ جیاوازی ژمارە و ناوی مانگەکان بەپێ ی ناوچەکان [ parton ,2021, 297].




**نەخشەی بەشێک لە شارەکانی دۆڵی دوو ڕووبار. وەرگیراوە لە[ محمود، ٢٠٢٢، ١٢٩]**

**دووەم/ جەژنی سەری ساڵ لەسەر دەمە مێژوویەکاندا:**

مرۆڤی سەرەتا بۆ هێز ودیاردە سروشتییە جیاوازەکان خوداوەندی هاوشێوەی مرۆڤی لەخەیاڵیدا دادەنا لەشێوەی نێر و مێ، لەوانەش هێزی لەدایک بوون و زۆربوون کە لەلایەن خوداوەندی دایکەوە نوێنەرایەتی دەکران[الصالحي، ٢٠١٧، ١٠٣] وابیریان دەکردەوە بەهۆی منداڵ بوون و بەپێی زەوییەوە کشتوکاڵ و شوانکارەییان بەرەو پێشەوە دەچێت و دەگەن بەماڵ و موڵک و سامان[ Kramer ,1969, 49]، بۆیە چەندین ڕێ ورەسمی جیاواز بۆ

خوداوەندەکان ئەنجام دراوە، دیارترینیان هاوسەرگیریی پیرۆز[٦] Sacred marriage بوو، بە مەبەستی بەخێوکردن و زاوزێ لە سروشتدا بەڕێوەچووە، بەبێ گوێدانە ئەوەی پەیوەندی بەمرۆڤ یان بەڕووەک یان ئاژەڵەوە هەبێت[باقرواخرون، ١٩٨٠، ٣٥/٢]، جەختیان کردۆتەوە لەسەر دیاردەی بەخێوکردن و زۆربوون لە سروشتدا و گەیشتن بە هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا[عبدالواحد،سليمان،١٩٧٩، ٣٥].

هەر لە نیوەی دووەمی هەزارەی چوارەم و لە سەردەمی جمدة النصر[٧] (٣٥٠٠-٢٨٠٠ پ.ز)کە بە قۆناغی گواستنەوەی سەردەمەکانی پێش مێژوو بۆ سەردەمی مێژوویی دادەنرێت[سليمان، الفتيان، ١٩٧٨، ١٤]، بنەما سەرەتاییەکانی ڕێکخستنی ساڵ و مانگ و پەیوەندیان بە کشتوکاڵ و رێ ورەسم دروست بوون، کە لەسەردەمەکانی دواتردا بنەماکانی پێگەی سەری ساڵیان دروستکرد، ئەوەش لە چەندین وێنەی سەر تابلۆ و مۆرو دەفرەکاندا دەردەکەوێت، لەوانە دەفرێکی نەزری ئەو سەردەمە، کە هاوسەرگیری پیرۆز نیشان دەدات لە دەرەوەی سنوری شار و نزیک ناوچەیەکی ئاوی، کە جیاوازی نییە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی شوێنی ئەکیتۆ[النعيمي، ٢٠١١، ١٣٨].

**دیمەنی تابلۆیەکی مەر مەر لە پاشماوەی پەرستگای هێلکەیی خەفاجە، کە دیمەنی هاوسەرگیری پیرۆز و ئاهەنگی سەری ساڵ وێنا دەکات کە پێ دەچێت بۆ سەردەمی جمدە النصر بگەڕێتەوە. وەرگیراوە لە : [ الأمين، ٢٠١٨، ٩]**

هاوسەرگیری پیرۆزیش لە هەزارەی سێیەمی پ.ز تاوەکو نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز تەوەرەی سەرەکی جەژنی سەری ساڵ بووە[عبدالواحد،سليمان،١٩٧٩، ١٧٩]، ئەو رێ و رەسمە لای سۆمەرییەکان لە نێوان دەموز Dammzi **خواوەندی** شوان **وگەشەی نوێ ی سروشت و بە پیتی باران** لەگەڵ ئینانا Innanaخواوەندی پیت و بەرەکەت ئەنجام دراوە[ Cohen ,1993, 43]و بەردەوامی هەبووە، لای ئەکەدییەکان لە نێوان خواوەند تەمووزTammuz وعشتارIshtar **خواوەندی خۆشەویستی و جەنگ** [دباغ، 1992، ٤٣]، و لای بابلییەکانیش لە نێوان مەردۆخ Marduk **خواوەندی شاری بابل و** سێربانتیم Serpent**خواوەندی دایک و ژیان و هێمای ژنایەتی** [علي، د.ت، ٥]و لای ئاشورییەکانیش ئاشورAssur خوداوەندی **سەرەکی ئاشوریەکان** و عشتار بەرجەستە کراوە[بهار، ١٣٩١،



٤٢٧] چیرۆکی خۆشەویستی ئەو دوو خوداوەندە[8] بە هاوسەرگیری کۆتایی هاتووەو بە خۆشی لە ماڵەکەیاندا بە ناوی ماڵی ژیان ژیاون[علي، 1999، ١٠].

لای سۆمەرییەکان سەوزبوونی زەوی بە گیاو ڕووەکەکان لە وەرزی بەهاردا واتای ژیانەوەی خوای داچاندن بووە[علي،رضا ، ٢٠١٩، ٥٧٤]، و نەبوونی سەوزاییش لە وەرزی پاییز و زستاندا بە واتای ونبوونی خواوەند بووە، بەو جۆرە سروشتی خولی ساڵانە دووبارە دەبووەوە[الشواف، ١٩٩٦، ١٠٤]، ڕێ و ڕەسمەکانی جەژنی سەری ساڵیش لە سەردەمی سۆمەری بە زاکموک واتە ساڵی نوێ ناسرابوون و لە دەرەوەی شار لە ناوچەی گەیشgaeš لەنزیک ڕێڕەوێکی ئاوی بە ئاشکرا ئەنجام دراون، کە لە پەرستگای **سین** خواوەندی مانگ بووە نزیک کەناڵی ئاوی ئەکیتو لە شاری ئور[ Cohen ,1993, 43].

ئەکەدیەکانیش کەلەزۆربەی بوارەکاندا هاوشێوەی سۆمەرییەکان بوون[ 1915,100, Mackenzie]، ڕێ ورەسمەکانی سەری ساڵیان لە مانگی یەک و حەوتدا ئەنجام داوە و سەرەتای ساڵیشیان بە سەرەتای ساڵی کارگێڕیش دادەنا[Haas ,1998, 294]، و پێکهاتەیەکی ناوخۆیی هەبووە، جگە لەلایەنی ئاییی پەیوەستبوو بە ساڵنامە و چالاکییە وەرزییەکانی شارەکان و ڕێکخستنی کاتی کار بوو، واتە جەژنێکی گشتی و یەکسان بۆ هەموو ئیمپراتۆریەتەکە نەبوو[ SallaBerger ,2021, 26].

لە دوای لاواز بوونی دەسەڵاتی ئەکەدی و هاتنی گۆتیەکانیش[9] The Gutiansئەو جەژنە هەر بەردەوام بوو، گۆتیەکان لەبەهاردا ئاهەنگیان گێڕاوە، بەڵام جیاوازی هەبوو لە مەبەستی ئاهەنگ گێڕانیان و ئەرکی خوداوەندە سەرەکیەکانیان[الشمس، 2003، 77]، ئەوەش بەهۆی جیاوازی سروشتی ئەو **ژینگە** وناوچەیەوە بوو کە لێوەی هاتبوون[السيد، ٢٠٢٣، ١٩٢]، ئەو بنەماڵانەش کەسەربەخۆیی دەسەڵاتی خۆیان پاراستبوو لەسەردەمی گۆتیدا ئاهەنگی سەری ساڵیان گێڕاوە، وەک شازادە گودیا Gudea (٢١٤٤-٢١٢٤پ.ز) ی فەرمانڕەوای بنەماڵەی لەگەشی دووەم[10] LagashII (٢٢٥٠-٢١٠٠پ.ز) کە ئاهەنگی گێڕاوە بۆ خوداوەند ننگرسو Ningirsu لەگەڵ خوداوەندی چاکسازی بابا Baba[رشيد، ١٩٩٤، ٤٦-٤٧].

لە سەردەمی ئوری سێیەمیش ئەکیتۆی سەرەتایی وەک ئاهەنگی ئاینی کشتوکاڵی دەستی پێکردووە و ساڵانە دوو جار ئەنجام دراوە[Bidmead ,2014, 1]، جارێک لە پایز مانگی ١٢ کاتی داچاندن و پێی گوتراوە ئەکیتۆی داچاندن و جارێکیش لە بەهاردا و لە کاتی دروێنە لە مانگی ٤ یان ٦ کە پێی گوتراوە ئەکیتۆی دروێنە[Black ,1981, 41]، هەروەها جەژنەکە تەنیا پەیوەست نەبووە بە سەرەتای ساڵەوە، بەڵکو بۆ ڕوداوێک بوو ساڵانە دووجار ڕوویداوە و گرنگترین ڕوداویش لە مانگی یەکەم تاکو حەوتەم هاوسەنگی بەهار و پایز بوو، واتە ئەو کاتەی شەو و ڕۆژ یەکسان دەبن[ berger, 1998, ,2018, 193]، لەو سەردەمەشدا هاوسەرگیری پیرۆز گرنگترین ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی سەری ساڵ بوو[Kramer ,1969, 140] کە جگە لە لایەنە ئاینییەکەی وەک ئامرازێکی سیاسیش بەکار دەهات بۆ دووپاتکردنەوەی دەسەڵاتی پاشا و ئەو شارەی فەرمانڕەوایی لێدەکرد[السيد، ٢٠١٥، ١٩٥].

گرنگترین دەقەکانی ئەو ئاهەنگەش دەگەڕێتەوە بۆ پاشاکانی سەردەمی ئور، شۆلگی Shulgi (٢٠٩٥-٢٠٤٨ پ.ز) و شوسین (Shu-Sin) (٢٠٣٨-٢٠٣٠ پ.ز) و پاشاکانی تری دوای خۆیان[على، ١٩٩٩ ، ١٠٨]، لەو کاتەدا هەندێک جار پاشا خۆی ڕۆڵی خواوەندی دەبینی و بە شێوەی ڕاستەقینە لە ئاهەنگی سەری ساڵدا هاوسەرگیریی لەگەڵ کچێکی پاکیزەی کاهین Antom ئەنجام داوە[محمود، ٢٠٢٤، ٥٩٩].

ئامارسینیش Amar-Sin (٢٠٤٦-٢٠٣٨ پ.ز) پاشای بنامالەی ئور یەکەم کەس بوو کە ژوورێکی تایبەتی بۆ ئەنتۆمی کاهین دروست کرد لە ناوچەی گەیش ناوی گیپار gi-par بوو، کە بناغەی ماڵی ئەکیتۆ Bit-Akitu بوو[النعيمي، 2011، ٦٨]، ماڵی ژیانیشی پێگوتراوە و پەرستگایەکی دەرەوەی شاری بابل بووە، لەسەر یەکێک لەگردەکانی تەنیشت ڕوباری فورات[حسين، ٢٠١٤، ١٢٩] و تایبەت بووە بە ئاهەنگی سەری ساڵ و کاروانی خواوەندەکان و جەماوەری بەشداربووی ئاهەنگەکە[براندت، ٢٠١٠، ٢٠].

دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی بابلی کۆن **(٢٠٠٠-١٥٩٥پ.ز)** توخمەکانی پەرستن و ڕێ و ڕەسمەکان گوازرانەوە بۆ بابل بەهۆی گۆڕانکاری ژینگەیی و سیاسی و مرۆیی[209 ,2006, Wasserman]، لەسەردەمی حامورابی Hammurabi (١٧٩٢- ١٧٥٢ پ.ز) بابل بووە گرنگترین ناوەندی سیاسی لە وڵاتی دوو ڕوبار، خواوەندی مەردۆخ **خواوەندی سەرەکی بابلیاکان** جێگەی خواوەندی تەموزی گرتەوە[علي، رضا، ٢٠١٩، ٥٧٤]، بەبۆنەی ساڵیادی سەرکەوتنی مەردۆخ بەسەر تیامات[11] Tiamat و بوون بە گەورەی خواوەندەکان و دروستکردنی خەڵک و جیهان و ئاسمانەکان[دیاکوف، کوفالیفك، ٢٠٠٠، ١٠٩].

لە مانگی نیساندا و لە سەرەتای ساڵی بابلی ئاهەنگی ئەکیتۆ ئەنجام دراوە[أبو الجدايل، ٢٠٢١، ٩٣]، لەئاهەنگەکەدا دەسەڵاتی پاشا بۆ فەرمانڕەوایی دووپات دەکرایەوە و سرووتی دروستبوونی گەردوون Enum a Eliš دەخوێندرایەوە[Reiner ,2006, 313]، بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگەکە خواوەندەکان بەیەکەوە بەو شەقامەدا دەڕۆیشتن کەپێی دەگوترا کاروان لەدەروازەی عەشتارو ناوەکەشی هەر لەو کاروانی خوداوەندەوە هاتووە[لايخبو،د.ت، ١٠٩]، مەبەستی ئەوان کۆبونەوەو یەکتر بینین و دیاریکردنی چارەنووسی ساڵی نوێ بووە[هاشم، ٢٠١٩، ١٦٨]، خوداوەند مەردۆخ ڕێزی لەو خوداوەندانە دەگرت کەدەهاتن و یەکەم کەسیش کەدەگەیشت نەبو Nabuی کوڕی بوو کەخوداوەندی بورسیپا بوو[کونتینو، ١٩٨٦، ٤٧٤].

ڕێ و ڕەسمەکانیش لەپەرستگای ئیساگیلا[12] Esagilla لەماڵی ئەکیتۆ ئەنجام دەدرا، کە لەڕووی دیزاینەوە جیاواز بوو لەپەرستگا ئاساییەکان و گەورەتر بوو[النعيمي، ٢٠١١، ٧٥]، لە کاتی هاتنی کاشییەکانیش[13] The Kassitesبۆ ناوچەی بابل پێدەچێت ئاهەنگەکە بەردەوام بووبێت، بە بەڵگەی بوونی نووسراوێکی کۆریگالزو Kurigalzuی پاشای کاشی کە ئاماژە بە دیواری ماڵی ئەکیتۆ دەکات لە لیستی دابەشکردنی بەشە خۆراکدا و ئەو دەربڕینانە بەکارهاتوون کە ئاماژە بە بەشداری کردنی پاشا دەکەن لە جەژنی ئەکیتۆدا لە شاری نیپور[294 ,Haas ,1998]، بەڵام هەر لەسەردەمی بابلی ناوەڕاستدا**(١٥٩٥-٦٢٦پ.ز)** بۆماوەی ٢٠ ساڵ ئاهەنگی ئەکیتۆ ئەنجام نەدرا لە بابل کە مەڵبەندی سەرەکی ئەنجامدانی جەژنەکە بوو بەهۆی داگیرکاری ئاشورییەکانەوە[عطا الله، ١٩٩٤، ١٩٢]، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت یەکێک لەمەراسیمە سەرەکیەکانی بۆنەکە نزاو پاڕانەوەی سەرکەوتن بوو بەسەر دوژمندا، بۆیە ئاشورییەکان ڕێگرییان کردبێ لەئەنجامدانی ئاهەنگەکە[عەولا، ٢٠٢٤، ١٦٦]، هەرچەندە کاتێک خاکی بابلیان داگیر کرد دڵسۆزی خۆیان بۆ خواوەند مەردۆخ و هاوسەرەکەی ڕاگەیاندووە[قاشا، د.ت، ٤٤]، لەسەردەمی بابلی نوێدا **(٦٢٦-٥٣٩پ.ز)** ئەکیتۆ بەنزیکەیی لەتەواوی شارەکان ئەنجام دەدراو جەختی دەکردەوە لەسەر چیرۆکی دروستکردنی بابل و ئاهەنگی هاوسەرگیری پیرۆز[علي، ١٩٩١، ٣١١].

هەرچەندە جەژنی سەری ساڵی دوو ڕوبار زیاتر بە ئەکیتۆی بابلی ناسراوە و بابل سەنتەری بەڕێوەچوونی بوو، بەڵام بەپێی خوێندنەوەی سەرچاوەکان دەردەکەوێت کە ئاشوورییەکانیش هەمان ڕێ ورەسمیان ئەنجام داوە [Nakata ,1968, 43 ].

لە سەردەمی ئاشوری کۆندا (٢٠٠٠-١٥٠٠پ.ز) هاوشێوەی سۆمەرییەکان دووجار ئەم ئاهەنگە ئەنجام دراوە لەبەهار و پاییزدا و لەسەرەتای دەرکەوتنی بابلیشدا ئەو شێوازە بەدی کراوە[Dercksen ,2011, 238]، نمونەی بەڕێوەچوونی ئەو جەژنە و گرنگییەکەی لە سەردەمی ئاشوری کۆن لە نامەیەکی پاشای ئاشوری شەمسی ئەددەی یەکەم Shamshi-Adad I (١٨١٤-١٧٨٢ پ.ز) بۆ کوڕەکەی دەردەکەوێت کە داوای هەندێ ئاژەڵی کردووە بۆ مەبەستی بەشداری پێکردنیان لەئاهەنگی ئەکیتۆدا[النعيمي، ٢٠١١، ٧٥-٧٦]، لە سەردەمی ئاشوری ناوەڕاستیشدا ئەنجامدانی جەژنی ئەکیتو بۆ خواوەند مەردوخ وەک بەڵگەبەکاردێ، لەوانەیە ڕێ و ڕەسمەکە بۆ ئەو پەیکەرە بێت کە پاشای ئاشوری تیوکڵتی نینورتای یەکەم Tukulti-Ninurta I (١٢٤٣-١٢٠٧ پ.ز) لە بابلەوە هێنابووی بۆ ناوچەکانی ئاشوری و خواوەندێکی ناوچەیی نەبووبێت[Cohen ,1993, 418]، چونکە ئاشورییەکان خاوەنی هەمان ئەفسانەی دروستبوونی گەردون بوون لەگەڵ بابلی، بەڵام خواوەند مەردۆخیان بۆ ئاشور گۆڕیبوو[ساغز، 2008، ٤٢٩]، بە تایبەت لە سەردەمی پاشای ئاشوری سەنحاریب Sennacherib (٧٠٤ - ٦٨١ پ.ز) هەوڵێکی ڕەسمی درا بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ئەفسانەی مەردۆخی بابلی بۆ ئاشور، لەگەڵ ڕێ ورەسمەکانی سەری ساڵیش[Black, Green ,1998,38 ]، بەو جیاوازییەی کە جەژنی سەری ساڵ لای ئاشوویەکان بەئاهەنگی نیسان ناسرابوو زیاتر و ئەکیتۆ بەو شوێنە دەگوترا کەئاهەنگەکان تیایدا ئەنجام دەدران لەکاتێکدا لەبابل بەئاهەنگەکە دەگوترا ئەکیتۆ، بەڵام لەهەردوو ناوچەکە بەنزیکەیی لەیەک کاتدا ئەنجام دەدرا[ 9 ,2005, Baba]، لەمانگی نیساندا هەموو ئەو ڕێ و ڕەسمانەی دەگرتەخۆی کە لەسەردەمی زووەوە لەدۆڵی دوو ڕوبار ئەنجام دەدران بۆ سەری ساڵی تازە[علي، د.ت، ٥] ، هەرچەندە لەدوای هاتنی ئارامیەکان[14] Arameans [باقر، ٢٠١١، ٣٠١-٣١٣]و هێرشی ئەخمینەکان[15] Achamehids (٥٥٠-٥٣٠ پ.ز) هەندێ جار جەژنەکە پەکی دەخرا بەتایبەت کەلەسەرەتادا لەدەرەوەی شار ئەنجام دەدرا[النعيمي، ٢٠١١، ٨٣-٨٤]، لەگەڵ ئەوەشدا جەژنەکە لە بیر نەکرابوو، لە سەردەمی کۆرشی ئەخمینی Cyrus (٥٥٠-٥٣٠پ.ز) و جێنشینەکانیشیان بەرچاوکەوتووە[Sommer ,2000, 85]، لەسەردەمی هیلینیستی[16] Hellenisticئەسکەندەری گەورە Alexander the Great[17] و سلۆقییەکانیش[18] Seleucid بەشدارییان لە ڤستیڤاڵی ساڵی نوێدا کردووە و تەنانەت دەستیان لەدروستکردنی ماڵی ئەکیتۆشدا هەبووە[رضا، ٢٠١٥، ٢٢٥-٢٢٦]، لەسەردەمی ئەشکانیەکانیشدا[19] ( ٢٤٧Parthians پ.ز تا ٢٢٤ ز) لە شارەکانی ڕەها و ئاشور و پالمێرا ئاهەنگەکە بەردەوام بووە[Haas ,1998, 297]، تەنانەت ئەکیتۆ کاریگەری کولتوری لەسەر جەژنی نەتەوەکانی تری وەک ساسانییەکان[20] Sassanids (٢٢٤ – ٦٥١ ز ) هەبوو لە ڕووی کات و ڕۆڵی پادشا و ڕێ و ڕەسمەکاندا[السيد، 2015، ١٩٨].

بە گشتی یادکردنەوەی جەژنی سەری ساڵ لە لایەن هێزە بێگانەکان زیاتر بە مەبەستی ڕێزگرتن لە داب و نەریتە ناوچەییەکان بووە بۆ ڕازی کردنی دانیشتوانی ناوچەی دوو ڕوبار و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بووە وەک یادەوەری مێژوویی ماوەتەوە.

**سێ یەم/ ڕۆژەکانی جەژن.**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەپێی دەقە ئاینییەکان و سەرچاوە جۆراوجۆرەکان، وا دەردەکەوێت کە ئاهەنگەکە یانزە بۆ دوانزە ڕۆژی خایاندووە، لە یەکی نیسان دەست پێدەکات لای بابلییەکان کە سەرەتای ساڵنامەی مانگ بووە ڕێ و ڕەسمەکان دابەشکرابوون بەسەر ڕۆژەکاندا[الأسود، ٢٠١١، ٢٨-٢٩]، بەتێڕامان لەسەرچاوەکان دەردەکەوێت تاکو سەردەمی بابلیش ئاهەنگی سەری ساڵ دوو جار لە ساڵدا ئەنجام دراوە، تاکو سەردەمی ئوری سێیەمیش بە وردی دیار نیە چەند ڕۆژ ئاهەنگ گێڕدراوە لە بەر نەبوونی دەق نوسراوی تایبەت بە جەژنەکە، لەگەڵ شکانی هەندێک بەشی دەقە مێخیەکان کە ناڕوونی دروست کردووە لە زانینی تەواوی وردەکاریەکانی ڕۆژانی جەژن و ئەو ڕێوڕەسمانەی کە ئەنجام دراون بە تایبەت لە ڕۆژەکانی کۆتاییدا، بە گشتی لە توێژینەوەکاندا بەو جۆرە ئاماژە بە ڕۆژەکانی جەژن و ڕێوڕەسمەکانی سەری ساڵ کراوە.

ڕۆژی یەکەم: تەرخان کرابوو بۆ دانانی کاهین، بەپێی دابونەریتەکانیان و پاککردنەوەی پەرستگاکان و سوتاندنی بخور تیایدا و پۆشینی جل و بەرگی جوان وخوێندنەوەی سروت و ئەنجامدانی نوێژ[دباغ، ١٩٩٢، ٤٦]، شیشکالو[٢١] Šešgallu ی کاهین جلێکی نوێ ی کەڕەنگە سپی بوبێ لەبەر خوداوەند مەردۆخ دەکرد[هاشم، 2019، ١٦٩].

ڕۆژی دووەم: شیشکالۆی کاهین دوو کاتژمێر پێش کۆتایی شەو لەخەو هەڵدەستێت و بە ئاوی ڕووباری فوڕات خۆی دەشۆرد و جلێکی کەتانی لەبەر دەکرد، دەچوو بۆ لای پەیکەری خوداوەند مەردۆخ و بە نهێنی نزای دەخوێند[دیلاپورت، ١٩٩٧، ١٦٦]، لەو ڕۆژەدا یادی سەرکەوتنی خوداوەند بەسەر دوژمنەکانیدا دەکرێتەوەو داوای خێر و بەرەکەت لەخوداوەند دەکرێت بۆ دانیشتوان و پەرستگا و شارەکەش[باقروآخرون، 1980، ٣٩]، دواتر دەرگای پەرستگاکە دەکرایەوە تاکو کاهینەکانی دیکە بڕۆنە ژوورەوە و لە ناویدا کاهینی تایبەت بە شیعری ماتەمینی هەبوو، تاکو بەیانی نوێژیان دەکرد و ڕێ وڕەسمەکانی دیکەیان بۆ خوداوەندەکان ئەنجام دەدا[الأمين، 2018، ١٤٦].

ڕۆژی سێیەم: ڕێ وڕەسمەکانی ڕۆژی سێیەم هاوشێوەی ڕۆژی دووەم بووە، کاهینی باڵا بیست خولەک زووتر لە ڕۆژی دووەم هەڵدەستێت و بە ئاوی فوڕات خۆی دەشوات و لەگەڵ کاهینەکانی دیکەدا لە پەرستگای ئیساگیلا نوێژی شیشکالۆ بۆ خوداوەند مەردۆخ دەکات[الصالحي، 2017،٣/ ١١٢]، دواتر وەستا دەست ڕەنگینەکان بانگ دەکات و ئاڵتون و بەردی بەنرخیان لەگەنجینەی خواوەند مەردوخ پێدەدات لەگەڵ برنج و گەزۆ بۆ دروستکردنی دوو پەیکەری ئاڵتوونی بۆڕۆژی شەشەم، کە یەکیان مارێکی پێیە و ئەوی تریان دووپشک، وەکو هێما بۆ هێزەکانی ناو زەوی[روتن، ١٩٨٤، ١٣٢]، هەر دوو پەیکەرەکە دەستی ڕاستیان بەرز کردووەتەوە وەک سڵاوکردن بۆ خواوەند نەبوی کوڕی مەردۆخ، عەبایەکی سووریان لەبەردایە و پشتێنێکی ڕیشاڵی خورما بە کەمەریانەوەیە، ئینجا مەڕ دەکرایە قوربانی وهەر وەستایە پارچەیەکی تایبەتی پێدەدرا لە قوربانییەکە[حسين، 2014، ١٣١].

ڕۆژی چوارەم لە ئێوارەکەیدا داستانی دروستبوونی بابل Enuma Elis دەخوێندرایەوە، دەقێکی دوور و درێژ بوو، پێدەچێ زیاتر لە خوێندنەوەیەکیشی هەبووبێت[Dalley ,2000, 231]، پێدەچێ بە شێوەی دراماش سەرکەوتنی خواوەند مەردوخ بەسەر تیامادا ئەنجام درابێت[أوتس، ١٩٩٠، ٢٦٥]،لە هەمان ڕۆژدا ڕێڕەوێکی ئایینی لە پەرستگای ئێزیدا Ezida لە بۆرسیپا کە پەرستگای خواوەند نبو بوو، بۆ ئێزیدای ناو پەرستگای ئیساگێلا لە بابل ڕێکدەخرێت، کە تێیدا پەیکەری خواوەند نبو بۆ بابل دەهێنرێت[Cohen ,1993, 438].

ڕۆژی پێنجەم: دوای نوێژ و سرووتەکان کاهینەکان پەرستگای خواوەند مەردۆخ و عەشتاری هاوسەری و پەرستگای نبو پاک دەکەنەوە[دباغ، 1992، ٤٦]، دواتر کاهینێک بەرانێک سەردەبڕێت و سەرە براوەکەی بە دیوارەکانی پەرستگادا دەهێنا، تاکو ڕوحە شەڕانگێزەکان هەڵبمژێت و ئینجا دەیانبرد لە ناو ڕوباری فورات فڕێیان دەدا، تا ڕزگاریان بێت لە ڕوحە شەڕانگێزەکان[عبدالواحد، سليمان، 1979، ١٨١]، ئەو کاهینەی ئەو ڕێ و ڕەسمەشی ئەنجام دەدا تاوەکو کۆتایی ئاهەنگەکە لەدەرەوەی پەرستگا بمێنێتەوە، چونکە بەپێی باوەڕی ئەوان پیس و ناپاک ببوو[دباغ، ١٩٩٢، ٤٦].

هەر لەو ڕۆژەدا سەکۆیەک یان تەختێک لە پەرستگادا دروست دەکرێت کە پێی گوتراوە ئاسمانی زێڕین بۆ پێشوازی کردن لە خواوەند نبو[حسين، ٢٠١٤، ١٣٢]، لەو کاتەشدا پاشا دەگاتە پەرستگا و دەچێتە بەردەم پەیکەری خواوەند مەردۆخ و کاهینی باڵاش تاج و نیشانەکانی پاشایەتی لێدەکاتەوە و لە بەردەم پەیکەری خواوەند دایدەنێت، پاشاش لەبەردەم مەردۆخدا دانپێدانانێک دەخوێنێتەوە بەوەی کە کەمتەرخەمی و تاوانی نەکردووە[54 ,1981, Black]، دواتر کاهینی باڵا زلەیەک لەپاشا دەدات و گوێکانی ڕادەکێشێت، بە بڕوای ئەوان تائازاری زیاتری پێگەیشتبێ سوودی زیاتری بۆ بابل هەبووە و ئەگەر فرمێسکی لە چاو هاتبێ نیشانەی ڕەزامەندی خوداوەند بووەو دوای ئەو ڕێ و ڕەسمە نیشانەکانی پێدراوەتەوە[ساغز، ١٩٧٩، ٤٤١]، هەر لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەشدا پاشا و کاهینەکان بەشدارییان کردووە لە قوربانی کردنی گایەکی سپی و ئەنجامدانی نزا و پاڕانەوە[أوتس، ١٩٩٠، ٢٦٥].

ڕۆژی شەشەم: کاروانی خوداوەند نبو لە بۆرسیپاوە دەگاتە بابل و خوداوەندەکانی تریش لە شارە جیاوازەکانەوە بەڕێگا ئاویەکەدا دێن[على، 1991، ٢١٧] ودواتر دادەبەزێنرێن لە کەشتییەکان وبە کاروان و بە سەرکردایەتی پاشا بەو شەقامەدا دەڕۆن، کە بۆ ئاهەنگەکە دیاری کرابوو، ئەودوو پەیکەرەش کەلەڕۆژی سێیەمدا دروستکرابوون پێدەچێ سەریان بڕدرابێت و فڕێ درابنە ناو ئاگرەوە[هاشم، 2019، ١٧٢].

ڕۆژی حەوتەم: درامایەکی دڵتەزێن لەسەر مردنی خوداوەند مردۆخ و بەرزبوونەوەی بۆ بەهەشت ئەنجام دراوە، لەو ڕۆژەدا خوداوەند بریندار دەبێ و خەڵکی لە هەموو شوێنێک بەدوایدا دەگەڕێن بە هاوار و گریانەوە و ئاژاوە لەوڵاتدا دروست دەبێت[الأمين، 2018، ١٤٨]، گالیسکەکەی کە ئەسپ ڕایدەکێشێت بە خێراییەکی زۆر لەناو شاردا دەڕوات و بووەتە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ[روتن، ١٩٨٤، ١٤٢]، دەسەڵاتیش لەجێی پاشای ڕەسمەن ڕادەستی پاشای جێگرەوە دەکرێت بۆ دورخستنەوەی مەترسییەکان و تاکو ئیوارە بەبێ یاسا حوکم ڕانی دەکات و نوێنەرایەتی هێزی خراپە دەکات و لەکۆتایی ڕۆژەکەشدا پاشای ڕاستەقینە دەسەڵاتی وەردەگرێتەوە[الأمين، 2018، ١٤٨].

ڕۆژی هەشتەم: خواەندەکان بەسەرکردایەتی خوداوەند مەردۆخ لەتەپۆلکەی پیرۆز لەژورێک کەپێی دەگوترێ ژووری چارەنووس کۆدەبنەوە[43 ,1993, Cohen] بۆدیاریکردنی چارەنووسی پاشا و ڕۆژانی داهاتوو[جورج رو، د.ت، ٥٣٤]لەوکاتەدا خەڵک بەهێمنی لەدەرەوە وەستاون تاکو ئارامی کۆبوونەوەی خواوەندەکان تێک نەدەن و نەبنەهۆی بڵاوبوونەوەی خراپەکاری[حسين، ٢٠١٤، ١٣٦].

ڕۆژی نۆیەم: کاروانێک بەرەو ئەو پەرستگایە دەڕوات کە ئاهەنگی سەری ساڵی تێدا ئەنجام دەدرێت، پاشا بەرپرسیار دەبێت لە بەڕێوەبردنی ڕێڕەوی کاروانەکە و لە پەرستگای "ئیساگیلا"وە دەست پێدەکات[هاشم، ٢٠١٩، ١٧٢]، خواوەند مەردۆخیش لەسەر


گالیسکەکەی دەبینێت و گەشتێک بەناو بابلدا دەکەن و بەرەو ماڵی ئەکیتۆ دەکەونە ڕێ [الطائي، 2013، ٤٨٠].

ڕۆژی دەیەم: خواوەند مەردۆخ بە کەشتی بەردەوام دەبێت لەگەشتەکەی بۆ ماڵی ئەکیتۆ لەوێ ئاهەنگ دەگێڕێت لەگەڵ خواوەندەکانی دیکە و پاشا و تەواوی خەڵکیدا[الأسود، 2011، ٧٦-٧٧]، دوای ئەوە خواوەند مەردۆخ دەگەڕێتەوە بۆ پەرستگاکەی بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ کاهینێکی پاکیزەی پەرستگاکەدا بکات[حسین، 2014، ١٣٧].

ڕۆژی یانزە: کاروانی خواوەندەکان گەڕاونەوە پەرستگای ئیساگێلا، بۆ دووەم جار بڕیار لەسەر چارەنووس دەدرێت و لەسەرچاوەی غەیرە ئاینیەکانیشەوە دەردەکەوێت کە ڕێ و ڕەسمی جیاواز ئەنجام دراوە وەک ئاهەنگی هاوسەرگیری پیرۆز[الصالحي، ٢٠١٧، ١٥٢/٣].

ڕۆژی دوازدە: کۆتایی بە ئاهەنگەکە دەهێنرێت و خواوەندەکان لە هەمان ڕۆژ یان ڕۆژانی دواتردا دەگەڕێنەوە بۆ شارەکانیان[النعیمي، ٢٠١١، ١٣٠].

هەریەک لەو ڕێ ورەسمانە کە لە ڕۆژە جیاوازەکاندا ئەنجام دەدران هاوشێوەی نوێکردنەوەی پەیمان بوو لە نێوان گەل و پاشاو خواوەند، جگە لە ڕێ ورەسمە ئایینیەکە نوێکردنەوەی دەسەڵاتی پاشا لە لایەن خواوەند و پاراستنی ڕێکخستنی جیهان و یەکگرتنی کۆمەڵگە بوو، ڕێکارێکی گرنگی پاراستنی ئاسایش بوو، هۆکارێک بوو بۆ داواکردنی بەرەکەت و بەردەوامی ژیان.



**دیمەنی کەژاوەی جەژنی سەری ساڵ/ دەروازەی عەشتار**
**وەرگیراوە لە : [ الأمین، ٢٠١٨، ١٦٢]**

**دەرئەنجام**

- جەژنی سەری ساڵ بەگرنگترین و پیرۆزترین جەژنی دۆڵی دوو ڕوبار دادەنرێت و هەموو گەل تێیدا بەشداری کردووە بەسەرۆکایەتی پاشا بەبێ گوێدانە چین و توێژو پێگەی کۆمەڵایەتی.
- ئەم جەژنە بەمانای دەستپێکی ساڵی نوێ و هاتنی وەرزی بەهار و زیندووبوونەوەی سروشت هاتووە، پێدەچێت مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بەرهەم هێنانی خۆراک و سەرهەڵدانی گوندەکان.
- جەژن دەرەنجامی تێڕوانینی مرۆڤی کۆن بۆ ژیانی ڕاستەقینە و ژینگەی دەوروبەری بووە، بەدوای چارەسەردا دەگەڕا بۆ هەر کێشەیەک کەتووشی دەبوو، وەک لەدایک بوون و مردن و زیندوبوونەوە، بۆ هەر یەکێ لەو دیاردانە خوداوەندێکی داناوە و ڕێ و ڕەسمی تایبەتی پێشکەش کردوون.
- جەژنی سەری ساڵ سەرەتا وەک جەژنێکی ئاینی میللی سروشتی سەری هەڵداوە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بووە بەئامرازێک بۆ نوێکردنەوەی پەیوەندی نێوان پاشا و خواوەند و دەوڵەت تاکو لەهەزارەی یەکەمی پ.ز دا بووەتە جەژنێکی نیشتمانی سیاسی.
